مەیادە محەمەد نەجاڕ:

# ڕێكخراوێك لەژێر ناوی (ئامادەكردنی ئافرەتی دیپلۆماتكار) دادەمەزرێنم بەم زووانە دەچێتە بواری جێبەجێكردن

**مەیادە محەمەد نەجاڕ پسپۆرە لەبواری یاساو خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لەبواری كارگێڕی كار، هەروەها دەرچووی پەیمانگەی مەڵبەندی فرۆكەوانی شارستانی سویدە و قوتابی دكتۆرایە و لە ئێستادا بەڕێوەبەری كاروباری یاساییە لە فەرمانگەی پێوەندییەكانی دەرەوەی حكومەتی هەرێمی كوردستان، لەم دیمانەیەدا سەبارەت چەند پرسێكی تایبەت بە بواری ئافرەتان كە خۆیشی نووسەرو چالاكە لەو بوارەدا، راو سەرنجەكانی بۆ گوڵان دەخاتەڕوو.**

میادە محەمەد نەجاڕ وەك كەسایەتییەكی ئەكادیمی و شارەزا لە ماف و یاسا، سەرەتا باسی ئەوە دەكات كە پێشكەوتنی ئافرەتان لە بوارە جیاوازەكاندا یەكێك لە پرۆگرامە گرینگەكانی وڵاتانی پێشكەوتووەو رایوایە هەموو وڵاتێكی جیهان كاتێك كە بڕیاری گۆڕانكاری و بەرەوپێشچوون دەدات، سەرەتا دەبێت گرنگی بە پێگە و رۆڵی ئافرەتان بدات. هاوكات دەڵێت: «یەكێك لەهەنگاوە گرنگەكانی پێشكەوتنی تواناكانی كۆمەڵگە پێشخستنی ئاستی تاكەكانە، بۆ پێشخستن و گرنگیدان بەتواناكانی تاكیش پێویستمان بە وەبەرهێنانە لەتواناكانیاندا، بەڵام لە زۆر وڵاتی ئاسیاو تەنانەت ئەوروپاش كار لەسەر پێشخستنی بونیادی تاك نەكراوە، بێگومان ئافرەتیش زۆر زیاتر پەراوێز خراوەو هیچ گرنگییەكی پێنەدراوە.لە حاڵێكدا كە وەبەرهێنان لەتواناكانی ئافرەتان یەكەمین هەنگاوی پێشخستنی كۆمەڵگەیەو یەكەمین هەنگاویشە بۆ گەشەپێدانی ئابووری. واتە دروستكردنی ژێرخانێكی پەروەردەیی و كۆمەڵایەتی یەكێكە لەپرەنسیپەكانی پێشكەوتن و دەبێت بۆ پێگەیاندنی نەوەیەكی بەتوانا بە بەردەوامی كار لەسەر دروستكردنی ژێرخانێكی فكری بكرێت، ئافرەتیش وەك ژێرخانێكی دەوڵەمەند لە تواناو هزر و بیری مەعریفی یەكێكە لەپڕەنسیپ و بنەما سەرەكییەكانی وەبەرهێنان لەتوانا مرۆییەكاندا كە ئەمڕۆ لەهەموو كات زیاتر پێویستمان پێیەتی.»

**پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە سەركەوتوو نابێت، ئەگەر نیوەی كۆمەڵ كە ئافرەتە فەرامۆش كرابێت**

مەیادە محەمەد نەجاڕ تیشك دەخاتەسەر بەهێزكردنی توانا خودییەكان و بەهێزكردنی تواناكانی تێگەیشتن و چۆنێتی كاركردن لە سیستەمی توانا بەهرەییەكان بۆ دەرخستنی توانا شاراوەكانی ئافرەتان و هاوكات دەڵێت: «ئافرەتی ئێمە توانای زۆر باشیان هەیە، بەڵام وەك پێویست سوود لە تواناكانیان وەرنەگیراوە.» بۆیە بە پێویستی دەزانێت «كار لەسەر گەشەپێدانی توانا مرۆییەكان بكرێت و پرۆگرامەكانی پەروەردە لە گشت قۆناغە جیاوازەكانی خوێندندا بەجۆرێك بن، كە توانای ئافرەت بەهێز بكات. ئەوەش دەخاتەڕوو كە



لە چەندین ڕێگەی زانستییەوە دەکرێت کار لەسەر بەهێزکردنی تواناکان بکرێت، لەوانە: گرنگیدان بە زانستێکی وەك - nlp - کە زانستی گەشەپێدانی دەمارەو ئەمڕۆ لەزۆربەی وڵاتانی جیهان توانیویانە لەو ڕێگەیەوە وەربەرهێنان لەتواناکانی مرۆڤدا بکەن، پێشنیاریش دەکات «لەکوردستانیش کاری جددی لەسەر ئەم جۆرە زانستە بکرێت، ئەویش بە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکان کە دەتوانن ڕۆڵێکی زۆر گرنگ لەپێشخستنی تواناکانی ئافرەتاندا بگێڕن. دەکرێت لەزۆربەی ڕووژنامەو گۆڤارەکاندا چەندین لاپەڕەی تایبەت بەئافرەتان هەبێت، بابەتەکانی نێو ئەم لاپەڕانە لەلایەن کەسانی بەئەزموون و بەتواناوە دەوڵەمەند بکرێن، هەروەها دەشبێت لینکی بەردەوام لەنێوان ئافرەتانی نوخبەو گشت چین وتوێژەکاندا دروست بکرێت، بۆ ئەوەی ئەوان بتوانن گرنگی تەواو بەو بوارە بدەن، ئەرکی حزب و حکومەت و میدیاکانە کە کار لەسەر دروستکردنی ئافرەتی سەرکردەو بەتوانا بکەن، چونکە ئەمڕۆ لەهەمووکات زیاتر کۆمەڵگە پێویستی بە ئافرەتی بەهێزە، وەك دەریش کەوتووە لەجیهاندا ئافرەتان پێشەنگن لە پرۆسەی سەرکردایەتی لە دامەزراوەکان و لە کۆمەڵگەدا ڕۆڵێکی کاریگەرو باشیان لە پێشکەوتنیدا هەیە، واتا گرنگە هەوڵبدرێت کە ئافرەت بتوانێت داهێنەر بێت و زۆرترین خزمەت بە کۆمەڵگەکەی بگەیەنێت.

**پێویستە هاوتاییەک دروست بکەین لەنێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا بۆ ئەوەی مرۆڤسالاری بەسەر نەریتی کۆمەڵگەدا زاڵ بکەین**

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا چەند گرنگە ئەقڵی ژن تێکەڵی سیاسەت بکرێت بۆ ئەوەی وڵات لەشەڕ و کاولکاری دوور بخرێتەوە؟

دەڵێت: «ئافرەت خۆی لەخۆیدا خاوەن هەستێکی ناسکەو مرۆڤێکی ناسکەو هەمیشە ئاشتیپارێزەو دژی جەنگە، بۆیە بۆ پارێزگاریکردن لە وڵات و دوورخستنەوەی لەجەنگ پێویستە سیاسەت بدەینە دەست ئافرەتان، بەباڵادەستبوونی ئافرەتانیش لە سیاسەتی جیهاندا ئاشتەوایی دروست دەبێت و چیتر جەنگ ڕووناکاتە وڵاتان، ئەگەر ئافرەت باڵادەست بێت.»

سەبارەت بە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە و لەمپەرەکانی بەردەم ئەو پرۆسەیە مەیادە محەمەد رایوایە «هەموو جیهان کار لەسەر پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە دەکەن، بەڵام بونیادی نەتەوەیەك کە مرۆڤ تیایدا یەکسان بێت و جیاوازی رەگەزی نەبێت. واتە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە سەرکەوتوو نابێت، ئەگەر نیوەی کۆمەڵ کە ئافرەتە فەرامۆش کرابێت. ئەوەی ئێمە تێبینی دەکەین، ئێستا جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ئافرەت و پیاودا دەکرێت، بۆیە دەبێت ئێمە کار لەسەر ئەوە بکەین کە هاوتاییەك دروست بکەین لەنێوان هەردوو رەگەزەکەدا بۆ ئەوەی مرۆڤسالاری بەسەر نەریتی کۆمەڵگەدا زاڵ بکەین و عەقڵییەتی پیاوسالاری لەناوبەرین. ئەوەش ئەرکی راگەیاندنەکان و مامۆستا ئایینییەکان و رێکخراوە مەدەنی و حکوومییەکانە و پێویستە لەو بوارەدا کاری جددی بکەن. چونکە پێویستمان بە رێسایەکی هزری هەیە بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگەدا بیری پیاوسالاری بگۆڕین بۆ مرۆڤسالاری، لەو باوەڕەشدام کە ئەگەر هەمووان پێکەوە کاربکەین، دەتوانین لەنزیکترین کاتدا ئەم هەنگاوە بنێین، چونکە هیچ شتێك ئەستەم نییە، بەڵام ماندووبوونی زۆری دەوێت.

هەر لە درێژەی ئەو دیمانەیەدا سەبارەت بە کار و پرۆژەکانی داهاتووی گوتی: «من لەماوەی چەند ساڵی رابردووشدا هەم لە رووی یاسایی و هەم لە رووی کۆمەڵایەتیشەوە بەرنامەم بۆ پرسەکانی ئافرەتان هەبووە. پرۆژەشم زۆرە بۆ پێشخستنی کۆمەڵگە بەگشتی و ئافرەت بەتایبەتی، واتە بەرنامەم بۆ گرنگیدان بەگشت پرسە جیاوازەکان هەیە. بەتایبەتی کاری سەرەکیی ئێمە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە وۆرکشۆپی بەردەوامان دەبێت بۆ هاندان و بەشداری زیاتری ئافرەتان لەپرسە دیپلۆماسی و سیاسییەکاندا، بێگومان ئافرەتانیش دەبێت بتوانن خۆیان لە رووی هزری و سیاسییەوە بەهێز بکەن.یەکێك لە پرۆژەکانیشم دەرکردنی گۆڤارێکە بۆ وروژاندنی بابەتە هەستیارەکانی تایبەت بە بواری ئافرەتان، ئەگەر توانامان هەبێت، ئەوا گۆڤارەکەمان زۆر بەرفراوان دەبێت و بابەتی فکری و فەلسەفی و سیاسی و دیپلۆماسی و چەندین بابەتی دیکە لەم چوارچێوەیەدا ئامادە دەکەین، لەبەرنامەشماندایە گۆڤارەکە وەها گشتگیربێت کە هەموو ئافرەتان سوودی لێ ببینن. هەروەها بە نیازم پەرتووکی دووەمیشم دەربکەم کە دوو بەش لەخۆ دەگرێت، بەشی یەکەم تایبەت دەبێت بە بابەتەکانم کە لە رۆژنامەو گۆڤارەکان بڵاو دەبێتەوەو بەشی دووەمیشی چەندین چەمك و بابەتی هەستیاری وەك کێشە کۆمەڵایەتی و پرسە سیاسییەکان و بابەتە یاساییەکان و یاسایی نێودەوڵەتی و بابەتی دیپلۆماسی لەخۆدەگرێت. هەروەها رێکخراوێك لەژێر ناوی (ئامادەکردنی ئافرەتی دیپلۆماتکار) دادەمەزرێنم،بەم زووانە دەچێتە بواری جێبەجێکردن و ئامانجی سەرەکیش ئامادەکردنی ئافرەتانە لە رووی دیپلۆماسییەوە تاوەکو پڕچەك بکرێن. ئەم رێکخراوە کار لەسەر هەموو ئافرەتانی هەرێم دەکات بەبێ جیاوازی حزبی، دەمەوێت ئاماژەبەوەش بکەم کە یەکەمین چالاکیی رێکخراوەکەمان دروستکردنی توێژینەوەیەکی تایبەت بە دیپلۆماسییەت و چەمکەکانی دەبێت، بەپشتیوانی خوای گەورەش لەم زووانە پرۆژەکانم دەچنە بواری جێبەجێکردن و هیوادارم هاووڵاتیان لە بیرۆکەو پرۆژەکانم سوودمەند بن.» لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رووی ماددی و مەعنەوی تاچەند هاوکار و پاڵپشتی بووە؟ گوتی: «تا ئێستا حکومەتی هەرێم لە رووی ماددییەوە یارمەتی پرۆژەکانی نەداوم، بەڵام هەردەم هاوکار و پاڵپشتیم دەکەن بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانم، چونکە حکومەت خەمخۆری میللەتەو پێشکەوتنی ئافرەتان پێشکەوتنی حکومەتە، لەو باوەڕەدام کە بەم نزیکانە حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکارم دەبێت بۆ سەرخستنی ئەم پرۆژەیە.» گوتیشی: «هیچ رێکخراوێکی نێودەوڵەتیش هاوکاری نەکردووم، بەڵام من سوورم لەسەر کارەکەم و دەمەوێت شتێکی پڕۆفیشناڵ بکەم کە هەموو کۆمەڵگە سوودی لێ ببێنیت،

لەوەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئامانجتان لەدروستکردنی قوتابخانەیەکی تایبەت بە منداڵان چی بووە؟ گوتی: «من لەخانەوادەیەکی وەهادا پەروەردە کراوم کە کاری خێرخوازی یەکێك بووە لەکارەکانی باوکی رەحمەتیم، لەسەر ئەم بنەمایە بیرمان لەدروستکردنی قوتابخانەیەکی نموونەیی کردەوە، ئامانجی سەرەکیی خۆم و خانەوادەکەم لە دروستکردنی قوتابخانەیەکی نموونەیی بنەڕەتی لەسەر ئەستۆی خۆمان، خزمەتکردنی منداڵە شەهیدە سەربەرزەکانی هەرێمی کوردستانە دوور لە حزبایەتی، ئەوانیش مافی ئەوەیان هەیە کە لە قوتابخانەیەکی نموونەیی بخوێنن و فێرە زانست و زانیاری بن. بە بڕوای من هەرچییەك بۆ منداڵانی شەهیدان بکرێت، هێشتا پێویستە زیاتر بێت، چونکە شەهیدان بە گیانی خۆیان خزمەتی وڵاتیان کردووەو دەبێت هەموو کۆمەڵگە بەگشت چین و توێژە جیاوازەکانیەوە خزمەتی کەسووکاری شەهیدان بکەن.»

**ئامانجی سەرەکیی خۆم و خانەوادەکەم لە دروستکردنی قوتابخانەیەکی نموونەیی بنەڕەتی لەسەر ئەستۆی خۆمان، خزمەتکردنی منداڵە شەهیدە سەربەرزەکانی هەرێمی کوردستانە دوور لە حزبایەتی**

**ئافرەت خاوەن هەستێکی ناسکەو هەمیشە ئاشتیپارێزەو دژی جەنگە، بۆیە بۆ پارێزگاریکردن لە وڵات و دوورخستنەوەی لەجەنگ پێویستە سیاسەت بدەینە دەست ئافرەتان**





# ئافرەتان یاسا بە داکۆکیکاری راستەقینەی خۆیان نازانن

سەرەڕای بوونی کۆمەڵێ یاسای گشتگیر لە بەرژەوەندیی ئافرەتان، هێشتا بەکارهێنانی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان وەک دیاردە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کەم نەبووەتەوەو ئافرەتانیش یاسا بە فریادڕەسی خۆیان نازانن، چالاکانی مەدەنییش جەخت لەوە دەکەنەوە کە زۆرجار کێشە کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەست بە خانمان نەک چارەسەر ناکرێن، بگرە سزادانی پیاوانی تاوانباریش ناچێتە واری جێبەجێکردن و دۆسیەکان بە نادیاری دەمێننەوەو دواتر بزردەکرێن، هەروەها هێما بۆ ئەوەش دەکەن کە تەنانەت ئەو کاتانەی کە ئافرەت لە بێچارەییدا پەنا بۆ خۆکوشتن دەبات، ئەگەر بوختانێکی ناموسیشی بۆ دروست نەکەن، دەڵێن نەخۆشیی دەروونی هەبووە. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان دیدو تێڕوانینی جیاجیایان لەسەر ئەم پرسە هەیە.

کەژاڵ تۆفیق چالاکی بواری مافی مرۆڤ و راهێنەر لە گەشەپێدانی مرۆیی سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «مافی ئافرەت لە مافی پیاو جیاناکرێتەوە، ئافرەت پێش ئەوەی کچی فڵان و ژنی فڵان بێت، هاووڵاتییەو ئەرك و مافی هەیە کە لەلایەن دەوڵەتەوە بۆی دیار دەکرێت، دەکرێ لە رووی یاساوە مافی دیاری بکرێ و بەرگریشی لێبکرێ، بۆ ئەوەی تووشی توندوتیژی نەبێتەوە». گوتیشی: «توندرۆیی دژی ئافرەت کۆمەڵێ هۆکاری هەیە، لەوانە: هۆکاری رۆشنبیری کە رۆڵی گەورە دەبینێ لە کاری توندوتیژی بەرانبەر ئافرەتان، ئەوەش بە هۆی جیاوازیی ئاستی رۆشنبیری لە نێوان هەردوو رەگەزدا، کە زۆر جار بە هۆی ناهۆشیاری لە چۆنیەتی رەفتارکردن لەگەڵ بەرانبەرو چۆنیەتی رێزلێگرتنی، تووشی گرفتی زۆر دەبن، بەتایبەتی لە کاتێکدا ئاستی رۆشنبیری و پەروەردەیی و زانستی ئافرەتەکە زیاتر بێت لە ئاستی پیاوەکە، ئەوەش دەبێتە هۆی روودانی ناکۆکی لە هەموو روویەکی ژیانیانەوە. هۆکاری دیکەش سیستمی پەروەردەییە کە هەر لە منداڵییەوە بە جیاکاری و دڵرەقی دەست پێدەکات و رەنگدانەوەی لەسەر کەسایەتی و شیوازی ژیانی لە ئایندەدا دەبێت. مرۆڤ کە بە توندوتیژی پەروەردە بکرێ، هەر بەو جۆرەش لە گەڵ کەسانی دیکە رەفتار دەکات، بەتایبەتی بەرانبەر بە ئافرەت، کاتێك منداڵان رەفتاری توندوتیژ دەبینن لە نێوان باوك و دایکیاندا، دواتر لاسایی هەمان رەفتاری ئەوان دەکەنەوە».

گۆنا سەعید چالاکی کۆمەڵی مەدەنییەو سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «دەرکردنی یاسا و هەموارکردنەوەیان کارێکی زۆر ئاسانترە لە جێبەجێکردنیان.» گوتیشی: «دەسەڵات کەمترین گرنگیی داوە بە چەسپاندنی مافەکانی ژنان لە یاسادا. ئەو یاسا کەمانەش کە دەرچووە، جێبەجێکردنیان ئیرادەو بودجەو رێنوێنی و شارەزایی و چاودێریکردنی دەوێت، بەڵام دەسەڵاتی هەرێم ئەم پێشمەرجانەی دابین نەکردووە. بۆ نموونە بودجەیەکی تایبەت بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە نییە، وەزارەتێکی تایبەت بە ژنان نییە، ئەنجومەنی باڵای خانمان و لیژنەی بەرگری لە مافەکانی ژنانیش لە پەرلەمان دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان نییە، سیستەمی دادوەری سەربەخۆ نییەو حزبییە، سولحی عەشایەری رێگەپێدراوە، بەتایبەت لە کیشە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکاندا. هەر بۆیەشە هیچ کام لە برگە یاسا هەموارکراوەکان و لەوانەش کوشتنی ژنان لەسەر شەرەف کە چەند ساڵە بڕیارە لە جیاتی «سزای کەمکراوە» سزای ٢٠ ساڵ زیندانی هەبێت، تا ئیستا بە تەواوی جێبەجێ نەکراوە، ئەوە چەند ساڵێکە یاسای دژی توندوتیژی خێزانی لە نێو چەند وەزارەتێکدا دێت و دەچێت و هەر لایەنەو خۆی لەبەرپرسیارێتی لە جێبەجێکردنی دەدزێتەوە.

سۆزان عارف سەرۆکی رێکخراوی تواناسازی ئافرەتان سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بێگومان یەکێك لە گرفتە گەورەکانی زۆربەی کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەیە کە تا ئێستا کوشتنی ژن لەهی پیاو جیاکراوتەوە، ئەگەر پیاوێك بکوژرێت، ئەوا دەبێتە کارەسات، بەڵام بەداخەوە کوشتنی ژنان زۆر ساناو سادە باسی دەکرێت، ئەوەی گرفتە ئەوەیە کە جیاوازیکردنی رەگەزی بۆتە نەریت و لەهەندێك کاتیشدا یاساکان لە نەریتەوە سەرچاوە دەگرن».

سەرۆکی رێکخراوی تواناسازی ئافرەتان رایوایە «یەکێك لە گەورەترین گرفتەکانی کۆمەڵایەتی ئەوەیە کەتا ئەمڕۆ هیچ جۆرە حیسابێك بۆ مافی ئافرەت ناکرێت، سەرچاوەکەشی بۆ عەقڵییەتی کۆمەڵگەی پیاوسالاری دەگەڕێتەوە کە هیچ جۆرە مافێکی بۆ ژن دانەناوە، لەم سەرچاوەیەشەوە زۆرجار کوشتنی ژنان دەکرێت بە خۆکوشتن و یان سولْح لە نێوان دوو بنەماڵەدا دەکرێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەگەر خانەوادەیەك کچەکەیان بکوژرێت، ئەوا لەبەر نەریتی کۆمەڵایەتی تووشی زۆر گرفت و قەیران دەبنەوە». گوتیشی: «بابەتی خۆسووتاندنی ئافرەت یەکێکە لەو بابەتانەی کە زۆرجار لەلایەن کۆمەڵگەوە وەك شتێکی زۆر ئاسایی باسی دەکرێت و بگرە

جیاوازیکردنی رەگەزی بۆتە نەریت و لەهەندێک کاتیشدا یاساکان لە نەریتەوە سەرچاوە دەگرن

ئافرەت کە توندوتیژی بەرامبەری دەکرێت، کەس نییە بەرگری لێ بکات، هەر ناخی خۆی دەخواتەوە، تا ناچار دەبێت بڕیای هەڵە بدات و پەنا بۆ خۆسووتاندن ببات

کوشتنی ژنان لەسەر شەرەف کە چەند ساڵە بڕیارە لە جیاتی «سزای کەمکراوە» سزای ٢٠ ساڵ زیندانی هەبێت، تا ئیستا بە تەواوی جێبەجێ نەکراوە



مافی ژنەکە زۆر بەئاسانی پێشێل دەکرێت و هیچ جۆرە حیسابێکی بۆناکرێت، ئافرەت کە توندوتیژی بەرامبەری دەکرێت، کەس نییە بەرگری لێ بکات، هەر ناخی خۆی دەخواتەوە، تا ناچار دەبێت بڕیای هەڵە بدات و پەنا بۆ خۆسووتاندن ببات، بەگۆیرەی ئەوەی ئێمە هەستمان پێکردووە، دیاردەی خۆسووتاندن بۆتە دیارەیەك لە زۆربەی کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکان بەتایبەتی کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست».

هاژە سلێمان ئەندامی سەرکردایەتی حزبی شیوعی کوردستان و ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستانە و ئاماژە بەوە بەوە دەکات کە «پرسی ژنان لە هەرێمی کوردستان لەبەر گرنگییەکەی پێویستی بە هەڵوەستە لەسەرکردنە. بابەتی چەوسانەوەی ژنان و پێشێلکردنی مافەکانیان بابەتێکە رەگ و ریشەی لە کۆمەڵگەدا هەیە، هەر لەسەرەتای بوونی مرۆڤایەتی ئافرەت جیا لە پیاو مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، لە زۆربەی قۆناغەکانی مرۆڤایەتیدا ئافرەت بە دژوارترین بارودۆخدا تێپەڕیوە و زوڵمی زۆری لێکراوە. ئێستا لەکۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا گۆڕانکاری بەسەر ئەو مامەڵەیەدا هاتووە، ئەویش بە تێکۆشانی خودی ژنان بووە. لەکوردستاندا دوای راپەڕینی ١٩٩١ زۆر هەوڵدراوە کە بارودۆخی ژنان باشتر بکرێت چ لە رێگەی دەرچوونی یاسای نوێ، یان هەموارکردنەوی یاسا کۆنەکان لە بەرژەوەندیی ژنان، بەڵام بەداخەوە یاساکان وەکو خۆی جێبەجێ ناکرێن، ئەمەش وایکردووە کەیسەکان بەلاڕێدا ببردرێن، یان چاوپۆشییان لێبکرێت و تاوانباران بەسزای خۆیان نەگەن. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە زۆربەی جار لایەنە سیاسییە دەستەڵاتدارەکان دەبنە تەرەف لەم قەزییانە و کەسی تاوانبار تەسلیم بە پۆلیس ناکەن، یاخود لای خۆیان حەشاری دەدەن، بۆیە ناتوانرێ ئیجرائاتی یاسایی لەگەڵ کەسە تاوانبارەکان بکرێت، یانیش لە رێگەی مەکتەبە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو حزبانە کێشەکان لەسەر حیسابی ژنان چارەسەر دەکرێن. خاڵێکی دیکە ئەوەیە بەهۆی ئەو دابونەریتە کۆنانەی کە تاکو ئێستا ماوە لەناو کۆمەڵگەدا زۆربەی کێشەکانی ژنان هەر ناگەنە بەردەم دادگاو بەیاسا یەکلایی ناکرێنەوە، ئەویش لەبەر مەسەلەی سومعەی خێزان، بەوپێیەی دەبێ ژن پارێزگاری لە شەرەف و سومعەی خێزانەکەی بکات. ئەمانە هەمووی وادەکەن کێشەکانی ژنان ون بن و چارەسەر نەکرێن».

عزەدین عەبدوڵڵا یاسین راوێژکاری یاساییە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان بەشێکن لەو کارانەی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان لەپێناو فەراهەمکردنی مافەکانی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان ئەنجامیان داوە». لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە بۆچی دادگا بەپێی ئەو یاسایانە پشتیوانی لە ئافرەتان ناکات، گوتی: «ئەوەی دەگوترێت ئافرەتان پاڵپشتی ناکرێن، دوورە لە راستییەوە، بەپێچەوانەوە ئێستا پیاوان خۆیان بە مەغدوور دەزانن و دەڵێن ئێمە پشتیوانی ناکرێین، چونکە هەموو ئەو یاسایانەی پەیوەندی بەخێزانەوە هەیە، زیاتر لە بەرژەوەندی ئافرەتانە». یاسا هەموارکراو و دەرچوێندراوەکانی لەهەرێمی کوردستانیشی بەمجۆرە خستەڕوو: «یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٠١) تایبەت بە قەدەغەکردنی ئەنجامدانی گرێبەستی هاوسەرگیری لە دەرەوەی دادگا وسزادانی پیاو لەکاتی ئەنجامدانی. یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠٠١) تایبەت بەهەموارکردنی ماددەی (٤١) لە یاسای سزادانی عێراقی کە بۆ پیاو نییە بەلێدان ژنەکەی تەمبێ بکات. یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠٠١) تایبەت بە قەرەبووکردنەوەی ژن لەتەڵاقی ستەمکارانە لەئەنجامی هەڵسانی پیاو بە تەڵاقدانی ژنەکەی بە ستەمکارانە. یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٠١)تایبەت بەسزادانی مێردی داوێنپیس بەهەمان سزای ئافرەتی داوێنپیس. یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠١) تایبەت بە راگرتنی کارکردن بە رێگەپێدان بە ئەنجامدانی هاوسەرگیری دووەم بەبێ رەزامەندی دادگا ئەگەر هاتوو ئەوەی دەیخوازێت بێوەژن بوو. یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠٠٢) تایبەت بە سزادانی بکوژ بەبیانووی پاڵنەری ئابڕووپارێزی. یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٧) تایبەتە بە جێبەجێنەکردنی دادکارییەکانی لێبووردنی گشتی لەسەر ئەو تاوانبارانەی ئەو تاوانانە ئەنجام دەدەن (دەستدرێژی سێکسی و نێربازی و داوێنپیسی کردن لەگەڵ پێ نەشیاوەکان و کوشتن لەسەر مەسەلەی ئابڕوو ). یاسای ژمارە (١٥) ساڵی (٢٠٠٨) یاسای هەموارکردنی جێبەجێکردنی یاسای باری کەسی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩) ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان. زۆر لێکردنی مێرد لە ژنەکەی لەسەر لەشفرۆشی و داوێنپیسی کردن ئەوا پیاوەکە بەپێی م.(٧) لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠١١) لە هەرێمی کوردستان سزا دەدرێت. ئەگەر پیاو ژن ناچاربکات لەسەر وازهێنان لە فەرمانبەریەتی، یاخود لەکارکردن بە بێ رەزامەندی خۆی پیاوە کە بەپێی م. (٧) لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠١١) لە هەرێمی کوردستان سزا دەدرێت. ئەگەر پیاو هانی ئەنجامدانی کردەوەی خەتەنەکردنی مێینە بدات، یاخود ئەنجامی بدات، سزا دەدرێت بە پێی ماددەی.(٦) لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی».

**دەسەڵات کەمترین گرنگیی داوە بە چەسپاندنی مافەکانی ژنان لە یاسادا، ئەو یاسا کەمانەش کە دەرچووە، جێبەجێکردنیان ئیرادەو بودجەو رێنوێنی و شارەزایی و چاودێریکردنی دەوێت**

**ئافرەت پێش ئەوەی کچی فلان و ژنی فلان بێت، هاووڵاتییەو ئەرک و مافی هەیە کە لەلایەن دەوڵەتەوە بۆی دیار دەکرێت**

**یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان بەشێکن لەو کارانەی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان لەپێناو فەراهەمکردنی مافەکانی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان ئەنجامیان داوە**